سودانی واژەی گرەبەستی دامەزراندنی شاری پزیشکی لە پارەزگای زیقار دەکات

سەرۆک وەزیرانی عێراق، واژەی گرەبەستی دامەزراندنی شاری پزیشکی لە پارەزگای زیقار لەگەڵ کەمپانیای چینی (CSCEC) کرد، کە بە یەکێک لە گەورەترین گرەبەستەکان لە کەرتی پزیشکی و چاودێری تەندروستی دادەنرێت. نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران ئەمە شەممە ٢٢ـی ئازاری ٢٠٢٥، لە ڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبەع کەوتووە ڕایگەیاند، محەمەد شیاع، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، جێبەجێکردنی چاکسازییەکان لە کەرتی تەندروستی و پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و چارەسەری بە هاوڵاتیان دووپاتدەکاتەوە.

وتیشی، پرۆژەی شاری پزیشکی لە زیقار (١٣) دامەزراوەی پزیشکی سەربەخۆ لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە ٧ نەخۆشخانە بە توانای (٧٠٠) قەرەوێڵە، واتە نەخۆشخانەی سەرەکی بە ٢٠٠ قەرەوێڵە، نەخۆشخانەیەکی تایبەتمەند بە منداڵان بە ١٠٠ قەرەوێڵە، نەخۆشخانەیەکی تایبەتمەند بە ئافرەتان بە ١٠٠ قەرەوێڵە، سەنتەری نەخۆشیەکانی خوێن و چارەسەری وەرەم بە ١٠٠ قەرەوێڵە، نەخۆشخانەیەکی تایبەتمەند بە پزیشکی ناوخەیی و سیستەمی هەرسکردن بە ١٠٠ قەرەوێڵە نەخۆشخانەی ncy بە ٥٠ قەرەوێڵە، لەگەڵ کەمەگەیەکی کلینیکەکانی ڕاوێژکاری، سەنتەری تایبەتمەند، بینا بە پزیشکی دادوەری، لەکەینەوە و توژینەوە، بانکی خوێن، و ماڵی پزیشکان.

هەروەها ، قەناغی یەکەمی پرۆژەکە لەسەر رووبەری ٩٣ دۆنم دروست دەکرێت، قەناغی دووەمیش لەسەر رووبەری ٣٩ دۆنم دروست دەکرێت.